# بنەچەی زمان/ ئاخاوتن

له ئینگلیزییەوە: هەڵکەوت محەمەد پشدەری
(کەنەدا)

ئاخاوتن، تەنیا مێشکی مرۆڤ بە دەستەوەی دەدات. سەرەڕای هەبوونی کەمێک گۆڕانی بایۆلۆجی تایبەت بە پێوەندی گرتن، کەچی بوونەوەری دیکە نییە بتوانێت بدوێت (هۆکاری خۆگونجاندن). بۆ فێربوونی زمان دەبێت گوێت لەو زمانە ببێت (هۆکاری کولتووری). دەرکەوتووە جینەکان لە فێربوونی زماندا دەستیان هەیە (هۆکاری جین) و مێشکیش لەلای چەپی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات (هۆکاری دوولایی مێشک). ئەم بابەتەی ئێمە ڕوانگەیەکی نوێ بۆ هۆکاری دەرکەوتنی زمان دەخاتە ڕوو.

لە باسی بنەچەی زمانیشدا، بیردۆزەکان، جا ئەوانەی پشت بە خۆگونجاندن، کولتوور، یان تەواوی پرۆسەی فێربوون دەبەستن، لە زۆر لاوە خاڵی بەهێزیان پێیە. بەڵگەی زۆر هەن لە دەرکەوتنی زماندا پاڵپشتی بیردۆزەکانن. هەیانە بە دیاردەیەکی ناو مرۆڤ دایدەنێت و هەیە دەڵێت هۆکاری کۆمەڵایەتی، هەست، بارودۆخی ژیان و ئەرکەکانی لە پشتە، یان لەبەر تەواوی کرداری فێربوونە، بەڵام بە پێی تێگەیشتنی ئێستەمان بۆ کاری جینەکان لە زماندا، بە تایبەتیش دۆزینەوەی جینی FOXP2 و جینەکانی دیکەی پەیوەست بە زمان، بۆمان ڕوون بووەتەوە گەڕان بەدوای بنەچەی زمان و هۆکاری دەرکەوتنی (بە بەراوردی زمانەوانی)، دەبێت لەگەڵ شیکردنەوەی زمان، تەواو لێک ببەسترێن.

ئەم توێژینەوەیە پێشنیاز دەکات بنەچەی زمان لە سۆز و خۆشەویستییەوە بووە. زمان لە سۆزی دایک بۆ منداڵەکەی سەرچاوەی گرتووە، تا دەرکەوتنی یەکەمین نیشتەجێیە هەمیشەیییەکانی مرۆڤی نوێ لە نێوان ٤٠ تا ١٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستە ، دایک بۆ چەند سەد هەزار ساڵێک زمانێکی سەرەتایی بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ منداڵەکانی پاراستووە، ئەوجا لە ئافرەتەوە بۆ پیاو گوێزرایەوە. ئەو گواستنەوەیە دەستپێکی هێماکان و دواییش دەرکەوتنی هونەرەکانی پەیکەرسازی، وێنەکێشان و میوزیک لە مرۆڤدا بووە، ئەوانیش بڵاوەیان بە سۆز و خۆشەویستیی لە نێوان نێر و مێدا و وای کرد لە نێوان ١٠ تا ١٥ هەزار ساڵ لەمەوبەر زمان لقوپۆپی لێ ببێتەوە. دەکرێت

بەو پێیە کاتی درێژی نێوان کرداری پەرەسەندن و خۆگونجاندنی مرۆڤ (evolution) و دەرکەوتنی زمان لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە پێوەندی توندی نێوان زمان و منداڵ، لێک بدرێتەوە. دەرکەوتنی زمان و هونەرەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە کاتدا، تەریین و بەر لە ٤٠ هەزار ساڵ بووە. لەم لێکدانەوەیەدا سیفاتەکانی مێشک، جینەکان، مرۆڤناسی، کولتوور و جۆری خواردن پاڵپشتن. لە دوای دەرکەوتنی زمان، هۆکارەکانی دیکەی وەک ئامرازەکان، ڕێکخستنی ڕاو، توندوتیژی، سێکس و دابەشکردنی کار بەسەر ئەندامانـدا، لە پێشکەوتنی زماندا هاندەر بوون. بە گشتی لە جیهانی ئاژەڵانیشدا، هەموو دەنگێک پاڵنەرێکی سۆزی لە پشتە.

پێوەندی زمانی مرۆڤ بە جینەکانەوە زۆر بەڵگەی هەیە، وەک درەنگ قسەکردنی منداڵان و جۆرێک لە نایەکسانی لە نێوان بەشی چەپ و ڕاستی مێشک (asymmetries) لە پێوەندیگرتندا، ئەو نایەکسانییە لە چامپانزیشدا بەدی کراوە و ٨ ملیۆن ساڵ کۆنە. زمانەکان هەر هەموویان جۆرێک لە ڕیتمیان هەیە. دەکرێت هەیکەلی ڕیتمی زمانەکان، بەر لە دەرکەوتنی مرۆڤی نوێ لە بوونەوەرە سەرەتاییەکانیشدا تێبینی بکرێت. ڕیتمی دەموچاوی ئەو بوونەوەرانە بووە بە ڕیتمی زمان، تەنانەت هاتوهاواری مەیموونی گەورە (مەزن) لەگەڵ ڕیتمی ئاخاوتنی مرۆڤ نزیکە و شێوازی کۆنترۆڵکردنی جووڵەی قورقوراگە وەک ئەوەی مرۆڤە.

ڕیتمی دەنگەکان لە هۆنراوەدا پێوەندی سۆزئامێز لە خۆدەگرێت، هەر هۆنراوە خۆی پڕە لە سۆز. منداڵی تەمەن ٤ ڕۆژ زمانی دایکی لە زمانێکی دیکە بە ڕیتمی دەنگەکان جیا دەکاتەوە، تەنانەت لە سکی دایکدا، ئەو جیاکردنەوەیەی زمانی دایک بۆ فێربوونی ئەو زمانە هۆکارە. سۆز و زمان زۆر بە توندی گرێدراوی یەکترین. دەنگەکان لە ژیانی ئاساییدا کاریگەرییان زۆرترە وەک لە هەمان دەنگەکان لە نواندندا، چونکە مێشک بە دوو شێوەی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، دەکرێت ئەوە بایەخی سۆز لە فێربوونی زمان، نیشان بدات، دەکرێت زمانیش کۆنترۆڵی بەسەر سۆز و هەستدا باشتر کردبێت. ئەگەر سۆز پاڵپشت نەبێت، گۆڕینەوەی دەنگ و ئاماژەی ئاڵۆز تا دەگاتە زمان، لە بوونەوەردا پەرەناستێنێ. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بارودۆخی سۆزداریی زۆر توند، پاڵنەری سەرەکی بووە، ئەگەر تاکە پاڵنەر نەبووبێت.

مرۆڤ لە گروگاڵی ساواییدا جۆری سەرەکیی دەنگەکان دەناسێتەوە و وا دەکات خولی خانەکانی بەشی پێشەوەی مێشک ڕێک بخرێن و دواتر تواناییەکانی یەک لە دوای یەکی زمانی، پێش بکەوێت. منداڵیی، ماوەیەکە تەنیا لە مرۆڤدا هەیە، لە جۆرە سەرەکییەکانی دیکەدا وەک ئەوەی مرۆڤ نییە. لە مرۆڤدا لە کۆی پرۆسەی پەرەسەندن و خۆگونجاندندا، ماوەی منداڵی شیرەخۆرە تا هەرزەکاربوون زۆر درێژ بووە. بەڵگەکانی ٩٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەری شوێنەواری ئەتاپوێرکا لە باکووری ئیسپانیا، هەمان ماوەی درێژی منداڵی بۆ ئەو جۆرەی مرۆڤ (هۆمۆئەنتیسێسۆر) نیشان دەدات. زمان تەنیا لە یەک ماوەی پەرەسەندنی تەواوی هێڵی پەرەسەندن و خۆگونجاندنی مرۆڤدا وەدەست دێت، بۆیە لە هەموو هێڵی بوونەوەرە سەرەکییەکانی دیکەدا نییە. ناشکرێت دەرکەوتنی ئامرازەکانی زمان (مەبەست قورگ و زمان و پێکهاتەکانی دیکەی قسەکردنە) و پەرەسەندنیان، لە دەرەوەی هێڵی پەرەسندن و خۆگونجاندنی مرۆڤدا، بە یەکسان دابنرێت. زمان لە پێوەندیی نێوان دایک و کۆرپەدا دەردەکەوێت و تەنیا لە ماوەی منداڵیی مرۆڤدا هەیە.

ماوەی منداڵی، بە پاڵپشتی بێ وێنەی دایک بۆ دابینکردنی خواردن، ئاگالێبوون و وەچەخستنەوە، دەبێت. بە واتایەکی دیکە سۆز و خۆشەویستیی دایک، منداڵیی لە مرۆڤدا بەرهەم هێناوە. منداڵ،

لـە مـاوەی منداڵیـدا زمـان فێردەبێـت، ئەگـەر گەیشـتە تەمەنـی سـەرووتر، زۆر قورسـە زمـان فیرببێت، ئـەوە تەنیا گریمانـە نییـە، تاقیکردنـەوە لەسـەر منداڵـی ناشارسـتان هەیـە و فێـری زمـان نەبوون. هەرگیـز فێری زمـان نابن، لەگـەڵ مرۆڤدا هێنـدە پێوەندییـان نەبـووە، خۆشەویسـتی و سـۆزی دایکیـان وەرنەگرتـووە.

فێربوونـی زمـان لـە منداڵـی تـازە لەدایکبـوودا یەکجـار خێرایـە. دوای ٦ بـۆ ٩ مانـگ توانایـی تێگەیشـتن لـە وشـەکان زۆر دەبێـت. لـە چەنـد مانگی دوای یەکـەم وشـە، مانگانـە ١٠ وشـەی نـوێ فێردەبێـت، تـا دەگاتـە ٥٠ وشـە. دوای گەیشـتن بـە ٥٠ وشـە، ئەوجـا مانگانـە ٣٠ وشـە فێردەبێـت، دوایـی بەرەبـەرە ڕەوانبێـژی و ئاڵۆزیـی ڕێزمـان. هیچ بوونەوەرێکـی دیکـە بـەو تواناییـە، نییـە. منداڵـی سـاوا گریـان، قیـژە و گڕوگاڵـی هەیـە. منداڵـی مەیمـوون ئـەو دەنگانـەی نییـە، بۆیـە پیتـەکان بـۆ گوزارشـت لـە خۆشـی و ناخۆشـی تاکـە دەنگـی مـرۆڤ نیـن، بـۆ نموونـە پێکەنیـن. ئـەو کاردانـەوە زۆر ئاسـت بـەرزەی مێشـکی دایـک بـۆ پێکەنیـن و گریانـی منـداڵ هەیەتـی، لـە مێشـکی باوکـدا، بـەدی ناکرێـت. پێکەنیـن بەشـێک لـە پێوەنـدی دایـک بـە کۆرپەکەیـەوە بـووە و دەکرێـت تـا ١٠ بـۆ ١٦ ملیـۆن سـاڵ لەمەوبـەر، بـۆ باوانـی هاوبەشـمان لەگـەڵ چامپانزیـدا، بمانگەڕێنێتـەوە.

لێرەدا دەڵێین، دایکان وەک سـۆز و خۆشەویسـتی بـۆ کۆرپەڵـەکان، پێکەنیـن و زەردەخەنەیـان بـۆ منداڵەکانیـان بـۆ ڕەوینـەوەی تـرس و ئارامـی لـە نێـوان ٢ تـا ٤ ملیـۆن سـاڵ لەمەوبـەر، بەکارهێنـاوە، هـەر بۆیـە بـزە و پێکەنینـی منـداڵان پێـش ددان هاتنیـان دێـت و تـا تـەواو گـەورە دەبـن بـزە و پێکەنینیـان هـەر دەمێنـێ.

زۆر کـەس هـەن لـە پێکەنینـدا تـەواوی ددانەکانـی سـەرەوە و هەمـوو پووکـی سـەرەوەیان دەردەکـەوێ، ئامـارەکان دەری دەخـەن ئـەو جـۆرە پێکەنینـەی پووکەکانـی سـەرەوەی تێدا دەردەکـەون زۆرتـر لـە ئافرەتانـدا هەیـە، وەک لـە پیـاوان. پێمـان وایـە ئـەوە نیشـانەی دەرکەوتنـی بـزە و پێکەنینـە لـە دایکانـدا و گواسـتنەوەی نامـەی خۆشـی و ئارامـی بـۆ کۆرپەکانیـان بـووە. (نیشـاندانی تـەواوی ددان بـۆ کۆرپەڵـە هەسـتی بـزە و پێکەنیـن بـۆ کۆرپەڵـە دروسـت دەکات).

لـە هەمـوو کـرداری پەرەسـەندن و خۆگونجاندنـی مرۆڤـدا، یەکـەم بەرهەمـی پێوەنـدی پـڕ سـۆزی نێـوان دایـک و کۆرپـە، دەرکەوتـن و فێربوونـی زمانـە. لـە هەمـوو ئـەو کـردارەدا و زنجیـرەی هەمـوو بـاب و باپیرانـی مـرۆڤ تـا دەگاتـە ئەمـڕۆ، سـۆزی دایـک بـۆ وەچـە و دواندنـی کۆرپەڵـە، تینـی زۆرتـری بـە زمـان داوە. بـەو پێیـە خۆشەویسـتی و سـۆزی دایـک بـۆ مـاوەی چەنـد سـەد هـەزار سـاڵێک، پارێـزەری مانـەوەی زمانێکـی سـەرەتایی هاوبەشـی هەمـوو مـرۆڤ بـووە، کـە لەدایکیشـەوە بـۆ بـاوک گوێزرایـەوە، وشـەی زۆرتـر هاتنـە نـاو زمـان و پـەرەی سـتاند. منداڵـی سـاوا قیـژە و هاوار، گریانـی خۆشـی و قاقـای ختووکەدانـی هەیـە، ئەوانە لـە مەیموونـدا نیـن، بۆیـە ئاخاوتـن تاکـە سـیفاتی جیـای مـرۆڤ نیـن.

وەڵام بـۆ پرسـیاری ئـەوەی بۆچـی زمـان دەرکـەوت؟ لـە پـاڵ ئـەو بیـردۆزەی پێـی وایـە بـۆ مانـەوەی مـرۆڤ پێویسـتی بـووە، ئێمـە پێمـان وایـە ئارامبەخـش و بەهێزکـەری هەسـتی خۆشەویسـتی و لێـک نزیکـی بـووە و دایـک و منـداڵ توندتـر یـەک دەبەسـتێتەوە.

لـە کـرداری پەرەسـەندنی چەنـد ملیـۆن ساڵەی مرۆڤـدا، سـۆز و خۆشەویسـتی، دایکـی زمانـن، بۆیـە لـە کۆمەڵگەکانیانـدا زمـان بـوو بـە پێویسـتی و بەشـێکی ژیـان، بـە خۆڕێکخسـتنی مێشـک و ئەندامەکانـی دەنـگ دروسـتکردن گەیشـتە ترۆپـک. ئـەو گۆڕانانـە زۆر پێـش دەرکەوتنـی مرۆڤـی نـوێ ڕوویـان داوە. بەڵگـە، ئـەوە کەڵـلە سـەرەکەی ئەشـکەوتی زووتییەیـە لـە ئیسـرائیل، کـە لـە پێکهاتـەی نـاوەوەی لووتـی وەک ئـەوەی مرۆڤـی نوێیـە، سـیفەتێکە بـۆ ئاخاوتـن پێویسـتە و لـە

نێـوان ٨٠٠ بـۆ ٩٠٠ هـەزار سـاڵ لەمەوبـەر ئـەو بوونـەوەرە هەبیـووە. بـە هەمـان شـێوە پێکهاتـەی شـەویلاگ و قورگـی پێویسـت بـۆ دەنـگ دەربڕیـن، لـە بوونـەوەری ئاردیپیثیـۆس ڕامیـدوس بـەر لـە ٤ ملیـۆن سـاڵ هەبـووە. هەبوونـی دوو کونـی دەمـار لـە مێشـکەوە بـە نـاو ئێسـقانی شـەویلاگدا بـۆ زمـان لـە نێـوان ئاردیپیثیـۆس ڕامیـدوس و بوونـەوەری ئاردیپیثیـۆس ئەفارێنسـس (هەمـان جـۆری لووسـی) وەک یەکـن، لـە مرۆڤیشـدا هەیـە.

تواناییـی دەرکردنـی دەنگـی وەک بزوێـن و نابزوێنـەکان بـۆ ئـەو بوونـەوەرە کۆنانە بـۆ ئێمە دیار نییـە، بـەڵام ئـەو بیـردۆزەی دەڵـێ زمـان بەرەبـەرە پـەرەی سـتاندووە، دەکـرێ ڕاسـت بێـت، بـەڵام بـۆ ١ ملیـۆن سـاڵ دەبـێ، ناتوانـێ پێـش ئـەوە لێـک بداتـەوە. لەلایەکـی دیکـەوە، لەبـەر ئـەوەی منداڵ (مێشـکی تـەواو گـەورە نەبـووە)، تواناییی فێربوونی زمـان و ئاخاوتنـی هەیـە، کەواتـە پێویسـت نییـە مێشـک گـەورە بێـت تـا ئـەو تواناییـەی هەبێـت، سـەبارەت بـە جیاوازیـی ئەرکـی لای ڕاسـت و چەپـی مێشـکیش، ڕاپـۆرتـی نوێـی پزیشـکی دەریخسـتووە ئـەو منداڵانـەی بـۆ چارەسـەری گەشـکە (پەرکـەم) بەشـێک لـە مێشـکیان لادەبرێ، دوای نەشـتەرگەری، زمـان و ئاخاوتنیـان بەسـەر هـەردوولای مێشـکدا دابـەش دەبێـت، هەیانـە بـە تـەواوی فێـری زمـان دەبێتـەوە.

بەڵگـەی خۆشەویسـتیی دایک بـۆ کۆرپـە درێژبوونـی مـاوەی منداڵییـە، لـە هەمـان سـەردەمدا و بـەر لـە ١ ملیـۆن سـاڵ قورقوراگـەی مرۆڤـی کـۆن گۆڕانـی بەسـەردا هاتـووە و لەگـەڵ قورقوراگـەی مرۆڤـی نـوێ جیاناکرێتـەوە، ناکرێـت ئـەو دوو ڕووداوە بـە ڕێکـەوت بووبـن. هـەر لـەو کاتـەدا بـووە هـەردوو جـۆری مرۆڤـی سـەر دوو قـاچ هۆمۆئیرێکتـەس و هۆمۆئیرگاسـتەر دەرکەوتـوون، ئـەوان بـە باوانـی نیاندرتـاڵ و هۆمۆسـاپیپیان دادەنرێـن.

لـە توێژینـەوەی نوێـی سـەبارەت بـە ژیانـی کۆمەڵایەتیـی مەیموونـی بۆنۆبـۆ پێگـەی مێینـەکان لـە پاراسـتنی تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵەکانـدا زۆر گرنـگ دیـارە. دەبێـت ئـەو پێگەیـە لـە کۆمەڵگەکانی بـەر لـە جیابوونەوەمـان لـە چامپانـزی لـە نێـوان ٦ تـا ٨ ملیـۆن سـاڵ لەمەوبـەر هەبووبێـت و بۆنۆبـۆ تـا ئێسـتە وەک ئامـرازی پێوەندیکـردن، پاراسـتوویەتی.

لـە بـواری جیناسـیدا پێوەنـدی جینـی FOXP2 و تەمەنـی درێـژی ئافرەتـان لـە چـاو پیـاوان، ئاشـکرایە. چالاکیـی کەمـی ئـەو جینـە ئەگـەری شـێرپەنجەی جـۆری خراپـی مەمـک لـە ژنانـدا زۆرتـر دەکات، کەواتـە ئـەو جینـە لـە پاراسـتنی ژیانـی ئافرەتـان کاریگـەری زۆر گـەورەی هەیـە، لـە هەمـان کاتـدا لـە فێربوونـی زمانـدا لەگـەڵ جینـی دیکـەدا، هاوبەشـە، ئەگەریـش هەیـە ئـەو جینـە لـە دروسـتکردنی ڕژێنەکانـی شـیری شـیردەرەکاندا دەسـتی هەبێـت. جیـاوازی لـە نێـوان نێـر و مـێ لـە نەخۆشـییەکانی وەک تەتەڵـە، قورسـی لـە خوێندنـەوە، یـان ئۆتیـزم (بەشـێکی کـەم لـەو نەخۆشـییە، کەمیـی توانایـی قسـەکردنە) بـەدی کـراون و هەموویـان لـە نێرینەکانـدا زۆرتـرن تـا مێیینـەکان.

کەواتـە ئـەو نەخۆشـییانەی کاریگەرییـان لەسـەر فێربـوون و ئاخاوتـن هەیـە، لـە ئافرەتاندا کەمترن و ئـەوان لـەو بـوارەدا لـە پێشـەوەن، چونکـە ئافرەتـان چەنـد سـەد هـەزار سـاڵێکیان لـە دایکایەتـی و پێوەنـدی لەگـەڵ کۆرپەڵـە، وەبەرهێنـاوە، هـەر ئەوەیـە وادەکات کچـان لـە کـوڕان زووتـر فێـری قسـەکردن بـن و لـە زۆر بـواری زمانـدا لـە پێـش بـن، لەبـەر ئـەوەی ئافـرەت سـەرچاوەی دەرکەوتنی زمانـە، دەبینیـن تـا ئێسـتە بـە شـێوەیەکی گشـتی نەخۆشـی و ئاڵۆزییەکانـی زمـان، تەتەڵـە و قسـەنەکردن لـە نـاو پیاوانـدا زۆرتـرە وەک لـە نـاو ئافرەتانـدا. چالاکـی بەشـی گوێگرتـن و تێگەیشـتن لـەو دایکانـەی منداڵـی ساوایان هەیە جارێ فێـری قسـەکردن نەبـوون، زۆرە. ئـەو جـۆرە چالاکییـەی مێشـک لـە پیاوانـدا، لـەو دایکانـەی منداڵـی سـاوایان نییـە، یـان ئەوانـەی دایـک نیـن، نییـە.

لە منداڵیشدا، چالاکیی بەشی پێشەوەی مێشک زۆر دەبێ، ئەگەر دایکەکە قسەکانی لەگەڵ کۆرپەڵەکەی بێ، بەڵام ئەوە ڕوونادات ئەگەر قسەکەر دایکی نەبێ.

ئەوەی وەک خواردن لە ناو منداڵداندا دەگاتە کۆرپەڵە، مێشکی کۆرپەڵە چالاک دەکات، دواتریش درێژیی شیردانی سروشتی، باشکردنی خواردنی منداڵ، بە تایبەتی بەیانیان و پێوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەوروبەردا تواناییەکانی فێربوونی زمان و ئاخاوتن بەرزدەکەنەوە. خواردن کاریگەری زۆری لەسەر توانایی مێشک هەیە، دەکرێ دەرکەوتنی زمان چەند نەوەیەک و چەند هەزار ساڵێکی پێویست بووبێ تا بووە بە زمانی ئاخاوتن و نەوە بۆ نەوە بیگوێزرێتەوە. لێرەدا زاراوەسازی و فێربوونی یەکەم وشە، بە جینی تازە دۆزراوەی rs7642482 لەسەر کرۆمۆسۆمی 3p12.3 بەستراوەتەوە، واتە ئەو جینەیە ئەو کارە دەکات.

لەم ماوەیەی دواییدا بیرۆکەیەک خراوەتە بەردەست دەڵێت گەیشتنی شارستانیەتی مرۆڤ بە دروستکردنی ئامرازە بەردەکان بۆ برین و کوتان پێویستی بە کاری سەروو یەک کەس هەبووە. بۆ بەرەو پێشچوونی ئەو کولتوورە دەبێ فێرکردن هەبووبێ، بۆ ئەویش دەبێ زمانی ئاخاوتن هەبووبێ. ئەو ئامرازانە بە لاساییکردنەوە و لەبەریەکگرتنەوە پێشنەکەوتوون، هەر بۆیە نزیکەی ٧٠٠ هەزار ساڵ لە نێوان ٢ ملیۆن و نیو تا ملیۆن و ٨٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر، تواناییەکانی مرۆڤی کۆنی ئافریکا بەرەوپێش نەچووبوو، تا سەرەتاکانی زمان لە کولتووری ئەچویلان دەرکەوتووە، ئەوجا پێشکەوتن دەردەکەوێ.

هەرچەندە پێناسەی سۆز و خۆشەویستی زیاتر بە پێوەندی نێوان نێر و مێ لێی تێدەگەین، بەڵام ئەو هەستە تەنیا لە نێوان ٤٠ تا ١٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر هاتووەتە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ، لەو کاتەدا بووە مرۆڤ لە کولتووری دروستکردنی ئامرازی پێویستی ژیان بەرەو هونەر چوو. ئەو جیاوازییە زۆرەی نێوان کۆنترین پاشماوەی مرۆڤی هۆمۆساپییان (نزیکەی ١٩٥ هەزار ساڵ) لە ناوچەی کیبیشی ئەسیوپیا و نێوان یەکەم دەرکەوتنی هونەر لە نێوان ٤٠ تا ١٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر، بۆ دەرکەوتنی سەرەتاکانی زمانی ئاخاوتن لێک دەدرێتەوە. دەشتوانین بڵێین گواستنەوەی سۆز بۆ پێوەندی نێوان نێر و مێ هۆکارێکی زۆر سەرەکی بڵاوبوونەوەی ئاماژەی هێماداری و قسەکردن بووە.

کۆنترین بابەت مرۆڤ بتوانێ ناوی بنێ سەرەتای هونەر، ئەوانەی ئەشکەوتەکانی ئەڵمانیا و واڕواسی لە ئیندۆنیزیایە و تەمەنیان لە نزیک ٤٠ هەزار ساڵدایە. کۆنترین ئامرازی میوزیکیش هەر ئەوە تەمەنیەتی، بێگومان میوزیک سۆز و خۆشەویستی زۆری تێدایە و ئەوانە دەگوێزێتەوە. میوزیک و ئاخاوتن وەک یەک ئەو هەستانە دەگوێزنەوە، هونەرەکانی وەک داتاشینی بەرد و ڕەنگکردنی دیواری ئەشکەوتەکان بڕێکی زۆر لە توانایی جیاکردنەوە و درککردن نیشان دەدەن و پێویست دەکات بڕێکی زۆر لە وردەکاری هەبێ، ئەو جۆرە هاندەرە/ بزوێنەرە پێشتر لە مرۆڤدا نەبووە، ئەوانە لەگەڵ دەرکەوتنی زمان، تەریبن.

زۆرترین گۆڕانکاری لە زماندا لە نزیکەی ١٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر ڕووی داوە، بڵاوترین کۆمەڵە زمانیش ئەوانەن پێیان دەڵێن هیندۆ- ئەوروپییەکان و هەموویان لە زمانێکی سەرەتایی هیندۆئەوروپییەوە لقوپۆپیان گرتووە و لە دوو شەپۆلی گەورەدا بڵاوبوونەتەوە. یەکەمیان لە نزیک دەریای ڕەش و ئەناتۆلیاوە نزیکەی ٨٠٠٠ تا ٩٦٠٠ ساڵ لەمەوبەر، بووە، دووەمیشیان دوای چەند هەزار ساڵێک لە تەختاییەکانی سەروو دەریاچەی کاسپیانەوە بووە.

**سەرچاوە:**

http://www.scirp.org/journal/aa